# پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی نیشانەشکێنی کوردستان بوو

لە شاری سلێمانی بۆماوەی سێ رۆژ بەبەشداریی ٢٠ یانەی شارەکانی کوردستان لە هۆڵی نیشانەشکێنی یانەی وەرزشی پێشـمەرگەی سلێمانی، بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی نیشانەشکێنی کوردستان،پاڵەوانێتیی نیشانەشکێنی یانەکانی کوردستان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لە جۆری دەمانچە و تفەنگ بەڕێوەچوو، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش کاروان شێخ عەبدولکەریم ئەمینداری دارایی یەکێتیی نیشانەشکێنی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە وەکو بەرنامەی خۆمان بەمەبەستی گرنگیدان بە ئاسـتی یاریزانانی نیشانەشکێنی لە شارەکانی کوردستان بەبەشداری ٢٠ یانەو زیاتر لـە ٩٠ یاریزان لە هەردوو ئاسـتی کـوڕان و کچان ئەم پاڵەوانێتییەمـان ئەنجامدا،لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە هەردوو ئاست،توانیان ئاستێکی بەرزی یاریی نیشانەشکێنی پێشکەش بکەن ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

**دەمانچە- کچان- تیپ**

١- ئاشتی ٦٦٤خاڵ

**دەمانچە- کوڕان**

١- پێشمەرگەی سلێمانی ١٥٢٢خاڵ

**تفەنگ- کچان – تیپ**

١- پێشمەرگەی سلێمانی ٧٠٢خاڵ

**تفەنگ کوڕان- تیپ**

١- پێشمەرگەی سلێمانی١٤٨٢خاڵ

**تفەنگ –تاك کچ**

ئاڤان عەتا- پێشمەرگەی سلێمانی٣٧٢خاڵ

**دەمانچە – تاك کچ**

بەیان ساڵح- ئاشتی٣٣٤خاڵ

**دەمانچە- کوڕ- تاك**

جەمال عەبدوڵڵا- پێشمەرگەی سلێمانی٥٢٢خاڵ

**تفەنگ- کوڕ- تاك**

هەردی جەمال- ئاشتی ٥٢٤خاڵ



# پێشکەوتن پاڵەوانی بلیاردی یانەکانی هەولێر بوو

بەمەبەسـتی گرنگیدان زیاتر بە یارییەکانی بلیارد لە شـاری هەولێرو خۆئامادەکردن بـۆ پاڵەوانێتیی عەرەب کە بڕیارە کۆتایی ئەم مانگـە یارییەکانی لە هەولێری پایتەخـت بەڕێوەدەچێت، یەکێتیی بلیـاردی هەولێر بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان پاڵەوانێتیی بلیاردی سنۆکەری ٢٢تۆپی بەبەشداریی شازدە یانەی نێو شاری هەولێرو دەوروبەری ئەنجامدا، لە پاڵەوانێتییەکە یاریزانانی بەشداربوو بۆ ماوەی چوار رۆژ بە سیستەمی یـەك دۆڕان دوور دەخرایەوە لە پاڵەوانێتییەکە کێبڕکییان دەکرد لەسەر گەیشـتنیان بە ریزی هەڵبژاردەی هەولێر بۆبەشـداری کردن لـە پاڵەوانێتیی عـەرەب، لە بارەی پاڵەوانێتییەکـە جەوهەر پیرە سـکرتێری لقی هەولێری بلیارد بۆگۆڤـاری گوڵان گوتی: ئاسـتێکی بەرزی هەبوو ئێمە مەبەسـتمان زیاتر گرنگیدانە بە یارییەکانی بلیـارد و خۆئامادەکردنـی یاریزانانـە بۆپاڵەوانێتیی عـەرەب، یاریزانانی بەشـداربووش ئاسـتێکی بەرزیان پێشـکەش کرد،دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی پێشـکەوتن و هەندرێن گەیشتنە یاریی کۆتایی و لە ئەنجامیشـدا یانەی پێشکەوتن یارییەکـەی بردەوەو بـووە پاڵەوانی بلیاردی هەولێـرو هەریەك لە یانەکانی هەندرێـن و ئارارات وهەولێر پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەهاوبەشـیی بەدەست هێنا، هەریـەك لەیاریزانان (ئیبراهیم، شـێروان، دانا، سامان) گەیشتنە ریزی هەڵبژاردەی هەولێربەشداریی پاڵەوانێتیی عەرەب دەکەن.





# کوڕو کچە سوارچاکانی سلێمانی نازناوی ئەسپسواریی کوردستانیان بردەوە

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی ئەسپسواری لە شارەکانی کوردستان و خزمەت کردنی ئەم یارییە، بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی ئەسپسواریی کوردستان و بە چاودێریی لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە شاری سلێمانی لە یاریگای فەرماندەیی لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بەبەشداریی کوڕو کچە ئەسپسوارانی هەریەك لە یانەکانی (سلێمانی، ئاشتی، سەنتەری ڕاهێنانی کۆڕاز، ئافرۆدێت، سیروانی نوێ، هەولێر، خاك- سەورە، سۆلاف، بابا گوڕگوڕ، ڕانیە ) پاڵەوانێتیی ئەسپسواریی یانەکانی کوردستان بەبەشداری ١٣ ئەسپ سواری کوڕو کچ بەڕێوەچوو لە هەریەك لە جۆری بازی بەرز و ماوەی خێرا و درێژ کە ١٥٠٠کم و تیر وخوولانەوە بەرێوەچوو، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش (شێخ نەسرەدین بەهادین)سەرۆکی یەکێتیی ئەسپسواریی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە وەکو بەرنامەی خۆمان و بەمەبەستی زیاتر زیندوو کردنەوە وگرنگیدان بەم یارییە پاڵەوانێتیی ئەسپسواریی یانەکانی کوردستانمان ئەنجامدا کە چوار یانە و ١٣ یاریزان لە ئاستی کچان و کوڕ بەشداربوون، لە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو ئێمە بەرنامەی باشمان هەیە بۆئەم یارییە لە داهاتوودا، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

**ئەنجامەکان**

ئاستی کوڕان

١- سلێمانی

٢- هەولێر

٣- کەرکوك

ئاستی کچان

١- سەنتەری ڕاهێنانی سوارچاکیی کوڕاز

**ئەنجامی تاك**

تاڤان شێخ نەسرەدین-سلێمانی

تاك -کوڕ

١- دیار عوسمان

٢- محەمەد نوری

# پاڵەوانێتیی مەلەوانیی هەولێر بەڕێوەچوو

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی مەلەوانی و خزمەت کردنی زیاتری یارییەکە لە مەلەوانگەی داخراوی هەولێر بەسەرپەرشتیی یەکێتیی مەلەوانیی هەولێر پاڵەوانێتیی مەلەوانیی یانەکانی هەولێر بەبەشداری ٤٤یاریزان لە هەشت یانەی نێو شاری هەولێرو دەوروبەری بەرێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشداربوو لە هەریەك لە ئاستەکانی پێشکەوتووان و لاوان وتازە پێگەیشتووان لە جۆرەکانی مەلەوانیی پێشبرکێی بەهێزیان دەکرد بۆبەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوە، لەبارەی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکە هەڤاڵ عەلی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە وەکوبەرنامەی سالانەی خۆمان بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریزانانی شاری هەولێر ئەم پاڵەوانێتییەمان ڕێکخست، یاریزانانی بەشداربووش ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد،ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

جۆری سنگە مەلە- پێشکەوتووان

تواناناميق - پێشمەرگەی هەولێر

**لاوان**

عەبدولکەریم ڕائید - ئارارات

**تازە پێگەیشتووان**

عەلی ڕەزا- ئارارات

پەپوولە- پێشکەوتووان

خالس ئەنوەر- پێشمەرگەی هەولێر

**لاوان**

سەنا فوئاد- پێشمەرگەی هەولێر

مەلەوانیی ئازاد- پێشکەووتوان

توانا ناميق- پێشمەرگەی هەولێر

**لاوان**

دانا سالار- پێشمەرگەی هەولێر

**تازە پێگەیشتووان**

پێشەوا عەلی- هەولێر

**پشتە مەلە- پێشکەوتووان**

محەمەد یاسین- پێشمەرگەی هەولێر

**لاوان**

دانا سالار- پێشمەرگەی هەولێر

**تازەپێگەیشتوان**

وەلید ئەنوەر- پێشمەرگەی هەولێر



# گۆڵكارانی ساڵی ٢٠١٣... كریستیانۆ لە پلەی یەكەمدایە

ئەستێرەی پورتوگالی كریستیانۆ رۆنالدۆ هێرشبەری یانەی ریال مەدرید بە تۆماركردنی گۆڵێك لە یانەی لیڤانتی لە هەفتەی هەشتەمی خولی ئیسپانیا كە گۆڵی سەركەوتنی یانەی شاهانە بوو كۆی ژمارەی گۆڵەكانی لەساڵی ٢١٠٣ بەرزكردەوە بۆ ٥٠ گۆڵ لەیارییە فەرمییەكاندا و بەپێش ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە كەوت كەتا ئێستا ٤٢ گۆڵی تۆمار كردووە، كریستیانۆ پێویستی بە ٤٥ یاری بووە بۆ ئەوەی بگاتە گۆڵی ژمارە ٥٠ لەو كاتەی لە ساڵی ٢٠١٢ لە ٥٣ یاری توانی ٥٠ گۆڵ تۆمار بكات .

ئەمەش ریزبەندی باشترین پێنج گۆڵكاری ساڵی ٢٠١٣ یە لە كیشوەری ئەورووپا:

١- كریستیانۆ رۆنالدۆ هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ریال مەدرید ٥٠ گۆڵ

٢- لیۆنێل میسی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە ٤٢ گۆڵ

٣- رۆبەرت لیڤاندۆڤسكی هەڵبژاردەی پۆڵەندا و یانەی بروسیا دۆرتمۆند ٣٦ گۆڵ

٤- ئەدینسۆن كاڤانی هەڵبژاردەی ئۆرگوایی و یانەی پاریس سان جێرمان ٢٦ گۆڵ

٥- ئەلڤارۆ نیگریدۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی مانچستەر سیتی ٢٦ گۆڵ





# كاتی یاریی كلاسیكۆی ئیسپانی دیاریكرا



# راهێنەری ئیتالیا ستایشی ئاستی تۆتی دەكات

# ویلشێر بەڵێن دەدات واز لەجگەرەکێشان بهێنێت

یاریزانی لاوی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئەرسنال و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا جاك ویلشێر دانی بەوە دانا کەجگەرەی کێشاوە لە یەکێك لەشەقامەکانی شاری لەندەن و بەڵێنی بەهاندەرانی یانەی ئەرسنال دا کە واز لە جگەرەکێشان بهێنێت و جارێکی دیکە ئەم هەڵسوکەوتە دووبارە نەکاتەوە، ڕۆژنامەیەکی لەندەنی پێش ماوەیەك وێنەیەکی ویلشێری بلاوکردەوە کە تیایدا یاریزانی ناوبراو بەجگەرەوە بەدیار دەکەوێت بەڵام ویلشێر ئەم وێنەیەی بە گاڵتە دانا دواتر ڕاهێنەر ئارسن ڤینگەر ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی یاریزانی ناوبراو کرد بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتە.

یاریزان ویلشێر لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری فەرمیی یانەی ئەرسنال دانی بەهەڵەکەی خۆی دانا و دووپاتیکردەوە کەئەم کارە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، ویلشێری تەمەن ٢١ ساڵ لە لێدوانەکەی گوتی : هەندێك جار یاریزانەکان هەڵە دەکەن، من جگەرەکێش نیم، لەگەڵ ڕاهێنەر ڤینگەر قسەم کرد و بارودۆخەکەم بەتەواوی بۆ شیکردەوە، وا بزانم ئەوە دوا جگەرەیە کەمن دەیکێشم.

شایانی باسە یاریزان ویلشێر گۆڵی بەرامبەری بۆ یانەی ئەرسنال تۆمارکرد لەبەرامبەر یانەی وێست برۆمیج ئەلبیۆن کەبەم بەرامبەربوونە یانەی ئەرسنال پلەی یەکەمی ڕیزبەندی خولی ئینگلتەرای وەرگرتەوە بە جیاوازیی گۆڵ لەگەڵ یانەی لیڤەرپول کە لەپلەی دووەم دێت.



لیژنەی سەرپەرشتیی خولی یانەکانی ئیسپانیا لالیگا کاتی ئەنجامدانی یاریی کلاسیکۆی لە نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید دیاریکرد کە یارییەکە لە میانی یارییەکانی هەفتەی ١٠ خولی ئیسپانیا ئەنجام دەدرێت، ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لەسەر زاری خافێر تیبێس سەرۆکی ئەنجومەنی یانەکان لە یەکێتیی تۆپی پێی ئیسپانیا ڕایگەیاندووە کە یاریی کلاسیکۆ کاتژمێر ٦ ی ئێوارە بەکاتی ئیسپانیا لە ڕۆژی ٢٦ /١٠/٢٠١٣ لە یاریگای کامپ نو لەشاری بەرشلۆنەئەنجام دەدرێت .

پێشتر دوو پێشنیار هەبوو بۆ دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی کلاسیکۆ لە نێوان کاتژمێر چواری ئێوارە یان کاتژمێر شەشی ئێوارە، کاتژمێر چواری ئێوارە دەرەفەتی زیاتر دەرەخساند بۆ پەیداکردنی ڕێژەیەکی زیاتر لە بینەران بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە وڵاتانی چین و ژاپۆن و کۆریای باشوور بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاردرا یارییەکە لە کاتژمێر شەشی ئێوارە ئەنجام بدرێت .

شایانی باسە چاودێران پێیان وایە کە کلاسیکۆی ئەمجارە بەهێزترین کلاسیکۆ دەبێت لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی بوونی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ و گاریس بیل لە یانەی ڕیال مەدرید و لیونێل میسی و نیمار داسیلڤا لەیانەی بەرشلۆنە.




سیزاری براندێلی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالیا ستایشی ئاستی یاریزان و کاپتنی یانەی ڕۆما فرانشیسکۆ تۆتی دەکات کە ئێستا لەگەڵ یانەکەی ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات و پلەی یەکەمی خولی ئیتالیایان وەرگرتوە بە تۆمارکردنی حەوت سەرکەوتنی لەسەریەك کە بۆ یەکەم جارە یانەیەکی ئیتالی ئەم سەرەتایە بەهێزە تۆماردەکات و لە حەوت هەفتەی یەکەمدا حەوت سەرکەوتن تۆمار دەکات . براندیلی کەلەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتالیا گەیشتنی بۆ یارییەکانی مۆندیالی بەرازیلی ٢٠١٤ مسۆگەر کردووە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی : بەراشکاوانە دەڵێم ئەگەر مۆندیال لەدوای یەك مانگ یارییەکانی دەست پێبکات ئەوە بێگومان یاریزان تۆتی لە پێکهاتەی ئیتالیا دەبوو چونکە ئاستێکی بەرز و جێگیر پێشکەش دەکات، بەڵام ئێستا ناتوانم دەربارەی مۆندیالێك و مەسەلەیەك قسە بکەم کە لەدوای ٨ مانگی دیکە یارییەکانی دەست پێدەکات، ئێمە سەیری ئاستی تۆتی دەکەین لە کۆتایی وەرزدا و ئەو کات بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنین ئەگەر ولاتی ئێستا نەکردووە بەڵام ستایشی کەتوانایەکی هونەریی ڕۆما پێشکەش دەکات . تۆتی تەمەن ٣٧ ساڵ لەدوای مۆندیالی ٢٠٠٦ ەوە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتالیا یاری نەکردووە بەڵام ئامادەیی خۆی نیشاندا بگەڕێتەوە ڕیزی هەڵبژاردەی ئازۆری ئەگەر بزانێت لەکۆتایی ئەم وەرزە توانای هونەریی و جەستەیی یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی خزمەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات.

لەهەمان ئاستەکەی ئێستا بێت بە تایبەتی لە لایەنی جەستەیی ئەوە تۆتی لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ بەرازیل . براندێلی ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەهیچ شێوەیەك قسەی لەگەڵ تۆتی و پێویستی بەقسەکردن نییە ئاستی ئەم یاریزانەی کرد بەرز لەگەڵ یانەی

# هەولێریش پاڵێوراوبوو، میوانداریی جامی کەنداو لە عێراق سەندرایەوە

**دوای گفتوگۆ و دانیشـــتنێکی زۆر دواجار بڕیاردرا جامی ٢٢ ی کەنداو لەبەســـڕەوە بگوازرێتەوە بۆ شاری جەددەی ســـعودیە، هەروەها بڕیاردرا لەکاتی ئامادەیی ئەو شـــارەی عێراق دا ئەوا میوانداریـــی ٢٣ هەمین جامی کەنداوی پێدەدرێت.**

**لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی زۆرکرا لەسەر میوانداریی کردنی پاڵەوانێتییەکە تەنانەت لایەنی عێراقی بەوە رازیبوون پاڵەوانێتییەکە لەشاری بەسڕەوە بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە، بەڵام دواتر بڕیاردرا بەشێوەیەکی کۆتایی لەعێراقەوە بگوازرێتەوە بۆ سعودیە بەدیاریی کراوی بۆ شاری جەددە.**



## فیفا سزاکەی لەسەر عێراق لانەبرد

یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی فیفا بەکۆی دەنگ داوایەکی یەکێتیی تۆپی پێـــی عێراقـــی بەلابردنی ســـزا لەســـەر یاریگاکانی عێراق رەتکردەوە.

پێگەی فەرمی فیفا ئاشکرایکرد، وەفـــدی یەکێتیـــی تۆپـــی پێی عێـــراق بەســـەرۆکایەتیی ناجح حەمود داوایەکیان پێشـــکەش بە یەکێتییەکەیان کردووە بە مەبەستی لابردنی سزا لەســـەر یاریگاکانی ئەو وڵاتە بـــۆ ئەنجامدانی یارییە نێو دەوڵەتی و دۆستانەکان، بەڵام رۆژی (هەینـــی) لەکۆبوونەوەی کۆنگرێسی یەکێتییەدا ئەو داوایە رەتکرایەوە.

بەهۆی نائارامیی رەوشی ئاسایش و کوژرانـــی ڕاهێنـــەری یانەی کەربەلا لەسەر دەســـتی هێزێکی عیراقییـــەوە، یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی بڕیاری راگرتنی سەرجەم یارییە نێودەوڵەتی و دۆستانەکانی لەسەر یاریگاکانی عێراق دەرکرد.





# ئەحمەد سالار گەڕایەوە بۆ یانەی سلێمانی

ئیدارەی یانەی سلێمانی سەرکەوتوو بوو لە ئیمزاکردنی گرێبەستێك لەگەڵ ئەحمەد سالاری گۆڵکاری بەتوانای شاری سلێمانیو ئەو گۆڵکارە بۆ ماوەی یەك وەرز لەگەڵ یانەی دایك یاری دەکات.

دوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، ئەحمەد سالار بەپەرۆشەوە ماڵە کۆنەکەی هەڵبژاردەوەو بڕیاریدا یاری بۆ یانەی سلێمانی یاری بکات.

ئەحمەد سالار کە بە مەکینەی گۆڵەکە ناسراوە، لەو بارەیەوە بەسایتی یانەی سلێمانی راگەیاند «مێژووم لەگەڵ یانەی سلێمانی هەیە، کاتە خۆشەکانم لەگەڵ ئەو یانەیە بووە، بۆیە ئێستا شانازی دەکەم کە جارێکی تر درێسی یانەی سلێمانی لەبەردەکەمەوە».

وتیشی «بەڵێن بە هاندەرانو ئیدارەی یانەی سلێمانی دەدەم ئەوەی لە توانامدا بێت پێشکەشی یانەی سلێمانیو هاندەرانی دەکەم».

گرێبەستی ئەحمەد سالار لەگەڵ یانەی سلێمانی بۆ ماوەیەی یەك ساڵەو بە بڕی ٢٠ ملیۆن دینارو موچەی مانگانەی ١ ملیۆن دینار ئیمزا کراوە.

# پێشبڕکێی ڕاکردنی قەراغ شار بۆ کوڕان وکچان سەرکەوتووانە ئەنجامدرا

لەدووهەمین چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی وەرزشیی هەولێر و بەهاوکاری و هەماهەنگیی یەکێتیی لقی هەولێری گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان،رۆژی دووشەممە لەیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلول پێشبڕکێی ڕاکردنی قەراغ شار بەشێوەی کراوە بۆ هەردوو ئاستی کوڕان وکچانی سنووری پارێزگای هەولێر هاتە ئەنجامدان.

لەپێشبڕکێیەکەدا زیاتر لە (١٢٠) یاریزانان و ئارەزوومەندانی کوران وکچان بەشداریان تێیدا کردبوو کەماوەی (١) رۆژی خایاند.

لەبارەی چۆنییەتی سازدان و بەڕێوەچوونی پێشبڕکێیەکە بەڕێوەبەری وەرزشی هەولێر (تاهیرسابیرخۆشناو) راگەیاند: بێگومان ئەمە دووهەمین چالاکییە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئەنجام بدەین و ئەوەی جێی دڵخۆشیی هەموو لایەك بوو رێژەیەکی زۆر لەکچان وکوڕان بەشداریان لەپێشبڕکێیەکەدا کردبوو، لەهەمووی گرنگتریش یاریزانێکی دێرینی یاریی گۆڕەپان ومەیدان کەتەمەنی لەسەرووی (٧٢) ساڵ بوو توانی بەشداری لەم بۆنەیەدا بکات کەماوەی (٤) کیلومەتر شان بەشانی یاریزانانی کچان ڕابکات بێ ئەوەی هەست بەئازارو ماندووبوون بکات

تاهیر سابیر لەبارەی ئەنجامدانی ئەم چالاکییە وەرزشییە زیاتر گوتی: ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییە وەرزشییانە خۆی لەخۆیدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ خۆمان و بۆ یەکێتیی ناوەندیی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان،بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە چالاکییانە دەبێتە مایەی هاوکاری و بایەخدانی وەرزشیی گۆڕەپان ومەیدان لە سنووری پارێزگای هەولێر و دەوروبەری.بۆیە لێرەدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هاوکارمان بوونە لەبەڕێوەچوونی ئەو پێشبڕکێیە بەتایبەتی برادەرانی پۆلیسی هاتوو چۆ و ئۆتۆمبێلی فریاکەوت کە سات بەسات لەگەڵ ئێمە دابوون تاکۆتایی پێشبڕکێیەکە.

ئەمەش ئەنجامی سەرکەوتووانی پێشبڕکێیەکەیە کە بەم شێوەیە بوو:

**لەسەر ئاستی کوڕان:**

١- سەفین رەسول مەلا
٢-نەزار مامەند عوسمان
٣-لادێ غازی عوسمان
٤-رێڤینگ مەحمود رەشید
٥-نەریمان عومەرسلێمان
٦-رووداو جەمال ئەحمەد
٧-ئارام عوبێد عەلی
٨-ئیدریس عومەر قادر
٩-محەمەد مەحمود رەشید
١٠- کاروان جەبار محەمەد

**لەسنەر ئاستی کچان:**

١-سارا سالار
٢-رازیە سلیم
٣-ژوین سیروان
٤- فاتیمە کاوە
٥-تمارا شاکر
٦-ریم عەبدولحەمید
٧-نەدا فەرهاد
٨- لاڤە رەنجبەر
٩-شەیما هەمزە
١٠-دایان ئیسماعیل



ئا:سەرهەنگ نەجمەدین